گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی یە ڕۆشنبیری یەکانی ئەمریکاو عێراق لەساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩[1]

**محمد عبدالله کاکەسور**

بەشی مێژوو، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

makakasur@yahoo.com

**هەرێم حسن احمد بابان**

بەشی مێژوو، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

haremranya58@uor.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٠/١١/٥

پەسەندکردن:٢٠٢٠/١٢/٢٣

بڵاو کردنەوە:زستانی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**

USA-iraqi relatiions- Cltural relations- Iraq during the cold war- Middle East History- Iraq during Baath Period- USA policy

Doi:

10.25212/lfu.qzj.6.1.5

## پوختە

پەیوەندی یەکانی ئەمریکا لەماوەی جەنگی سارد، لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی،یەکێکە لەوبابەتە بە بایەخانەی،کەلەم ساڵانەی دوایدا،بەتایبەتی لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەنیسانی ٢٠٠٣،بۆتە جێی بایەخی زۆرێک لەتوێژەرانی ناوخۆو دەرەوەی عێراق. لەساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی یەکانی ئەمریکاو عێراق لەبەرزی و نزمیدا بوو،بەڵام لەوماوەیەدا عێراق زیاتر لەبلۆکی شوعیەت و سۆڤیەت هەژماردەکرا.ئەوەی تایبەتە بەپەیوەندی یە ڕۆشنبیرییەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق لەو ماوەیەدا،چ لەلایەن توێژەرانی ناوخۆیی و چ لەلایەن تویژەرانی دەرەکی یەوە،کەمترین بایەخی پیدراوە،چونکە پەیوەندیەکانی نێوانیان ماوەکورت و سنورداربون، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر پردەستکەوتوبون، بەتایبەتی لەبرەودان بەلایەنی ڕۆشنبیریی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی یە ڕۆشنبیرییەکان، لەچوارچێوەی پەیوەندی یە سیاسی و ئابوری و سەربازی یەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق لەوماوەیەدا، باسیان لێوەکراوە. ئەم پەیوەندییانەش، زیاتر

---

[1] توێژینەوەی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆرا لەبەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبوارەکانی (هەڵویستی میدیای ئەمریکی بەرامبەر بەعێراق-کارکردنی شوێنەوارناسانی ئەمریکی لەعێراق-پەیوەندی یەکانی فێرکردن وخوێندنی باڵا)، لەنێوان ئەمریکاو عێراق ڕەنگیداوەتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەهۆی پێشکەوتوویی ئەمریکا لەبواری ڕۆشنبریی و فێرکاری و تەکنەلۆژی و پێویستبی عێراق بەتواناکانی ئەمریکا لەوبوارانەدا، عێراق ناچاربووە، لەگەڵ هەبونی گرژی و ناکۆکی لەپەیوەندی یە سیاسیەکانی نێوان هەردولا، لەڕوی ڕۆشنبیری یەوە، پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەل ئەمریکا ببەستێت، هەرچەندە ئەم پرسە لەلایەن میدیاو ڕای گشتی عێراقی دەشاردرایەوە. هەرچی ئەمریکاشە، بەهۆی بایەخی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی و دەوڵەمەندی عیراق لەروی سامانی نەوتەوە، دەیویست لەڕێگەی هەبونی پەیوەندی ڕۆشنبریی، پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەگەل عێراق دروستبکات و لەبازنەی سۆڤیەت دوریبخاتەوە. سەرەڕی ئەوەش بەهۆی ئەوەی عێراق بەدرێژایی قۆناغە مێژوویی یەکان، خاوەن شارستانیەت و مێژوویەکی دێرین بووە، بەتایبەتی شارستانیەتەکانی (سۆمەری-ئاشوری- بابلی...)، ئەمەش وایکردبوو، جگە لەلایەنە سیاسی یەکەی، کە نێردراروو دامودەزگاکانی ئەمریکا، بە کارکردن بۆخزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هەژماردەکران، بەڵام خولیاو سەرسامی شارەزایان و پسۆرانی ئەمریکی بۆمێژوو شارستانیەتی عێراقییش، پاڵنەرێکی گرنگ بوو بۆکارکردنیان لەعێراق، تەنانەت دوای دروستبونی گرژی و ئاڵۆزی و ناکۆکی نێوان ئەمریکاو عێراقیش، قوتابخانەو تیمی شوێنەوارناسانی ئەمریکا، لەکارکردنیان لەعێراق بەردەوامبن، تائەوکاتەی خودی حکومەتی عێراق کارەکانی ڕاگرتن.

## پێشەکی:

پەیوەندی یە ڕۆشنبریەکانی ئەمریکا لەگەل عێراق ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩ و نزیکبونەوەی ئەمریکا لەبوارەکانی تری جیاواز لە پەیوەندی سیاسی،یەکێک بووە لەبەرنامەکانی سیاسەتی دەرەوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمریکا،کەهەر لەساڵانی عێراقی سەردەمی پادشایەتی یەوە دەستیپیکردبوو.هەرچەندە لەعێراق چەندین گۆڕانکاری سیاسی و گۆڕانی دەسەڵات ئەنجامدران،هەرشۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و کودەتای قەومی و بەعسیەکان لەساڵی ١٩٦٣،کودەتای قەومیەکان بەسەر بەعسیەکان لەکۆتاییەکانی ١٩٦٣ و دوبارە گەڕانەوەی بەعسیەکان لە١٧ی تەموزی ١٩٦٨ وکۆنترۆلکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی تاکلایەنە،بەڵام سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق بەنەگۆڕی مایەوە،کەبریتی بوو،لەهەبونی پەیوەندیەکی دۆستانەو فەراهەمکردنی بەرژوەندی یە نەوتیەکان و دورخستنەوەی عێراق لەبازنەی سۆڤیەت.لەهەمانکاتدا هەبونی پەیوەندی رۆشنبیری وکلتوری نیوان هەردوو ولات.لەساڵانی ماوەی توێژینەوەکەدا،ئەمریکا چەندین نێردەو شاندی ڕەوانەی عێراق کردووە،بۆکارکردنی لەبواری فێرکاری و خویندنی باڵاو پشکنینی شوێنەواری.هاوکات میدیای ئەمریکی،بەتایبەتی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەکو(نیۆرک تایمز،واشنتۆن پۆست...)،هەواڵ و زانیاریان لەسەر ڕوداوەکانی عێراق بڵاوکردۆتەوە.ئەوەی شایەنی باسە،زۆرجار پەیوەندی یە رۆشنبریەکانی هەردولا،کاریگەربووە بەروداوە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق و کاریگەری سۆڤیەت وهەڵویستی دەسەڵاتی سیاسی عێراق بەرامبەر بەئەمریکا.بەجۆرێک،دەستەبژیری سیاسی لەعێراق،هەندێکجار نەک تەنها پەیوەندی رۆشنبیری و هەبونی هاوڵاتیانی ئەمریکایان لەعێراق بە پێویست نەزانیوە،بەڵکوهەندێکجار لەعێراق دەریانکردون و بەمەترسی و سیخورو دژایەتی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق لەقەڵەمیانداون.سەرەڕای ئەوەش پسپۆڕان و دامەزراوەکانی ئەمریکا لەعێراق،ئەگەر کاریشیان بۆبەرژەوەندی وڵاتەکەشیان کردبێت،ئەوا لەکایەی رۆشنبیری وخوێندەواریدا،خزمەتێکی بەرچاویان بەبزاڤی ڕۆشنبیری عیراق گەیاندووە .

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە،بەشێوەیەکی زانستی تیشک دەخاتەسەر پەیوەندی یە رۆشنبیرییەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق،بەدەرخستنی هەموو ئەوفاکتەرە ناوخۆیی و هەرێمی و دەرەکیانەی کەکاریگەریان لەسەر زیادبون و کەمبونی پەیوەندی یە رۆشنبیرییەکانی هەردولا هەبووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم تویژینەوە لەپێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:
لە تەوەرەی یەکەم،باس لە دامەزراوە فێرکارییەکانی ئەمریکا لەعێراق و وەرگیرانی خوێندکارانی عێراقی لەزانکۆکانی ئەمریکا کراوە.تەوەرەی دووەمیش، هەڵویستی میدیای ئەمریکی بەرامبەر بەعێراق لەساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩ شیکراوەتەوە.هەرچی تەوەرەی سێ یەمە، چالاکی شوێنەوارناسانی ئەمریکا لەعێراق ١٩٦٨-١٩٧٩لە عێراق شرۆڤەکراوە.
توێژینەوەکە پشت ئەستورە بەبەکارهێنانی چەندین بەڵگەنامەو سەرچاوە بەزمانەکانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی و ڕوسی.لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا،کەڵک لەهەردوو میتۆدی مێژوویی و شیکاری وەرگیراوە.کەمی سەرچاوەو کەم بایەخدانی توێژەران و ناسەقامگیری دۆخی سیاسی عێراق و دەستنەکەوتنی بەشێکی بەڵگەنامەکانی دەزگا فەرمیەکانی عێراق و نەبونی چانسی گەشتکردن بۆئەمریکا،گرفتەکانی بەردەم نوسینی ئەم تویژینەوەیە بون،بۆیە ئەم تویژینەوەیە بەدەر نیە لەکەموکوڕی،هیوادارم بەرەخنەی هەلسەنگێنەران دەوڵەمەندتریت و سود بەخوێنەران بگەیەنێت.

## تەوەرەی یەکەم: دامەزراوە فێرکارییەکانی ئەمریکا لەعێراق و وەرگیرانی خوێندکارانی عێراقی لەزانکۆکانی ئەمریکا ١٩٦٨-١٩٧٩

گومانی تێدا نیە، لەماوەی ساڵانی تویژینەوەکەدا،ئەمریکا یەکێک بووە لەگرنگترین ئەو وڵاتانەی،کەژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی وڵاتانی جیهانی سێ یەم بەگشتی و رۆژهەلاتی ناوەراست و عێراق بۆمەبەستی فێربون و بەدەستهینانی بڕوانامە لەزانستە جۆراوجۆرەکان ڕویان تێکردووە.سادەترین لێکدانەوەش بۆئەم دیاردەیە،دواکەوتوویی ئەو وڵاتانەو پێشکەوتوویی زانکۆو دامەزراوە زانستیەکانی ئەمریکا بووە لەوکاتەدا.بۆیە دەبینین دیاردەی چونی خویندکارانی عێراقی بۆخوێندن لەزانکۆکانی ئەمریکا،هەر لەسەردەمی پادشایەتی یەوە دەستیپێکردبوو،بەتایبەتی لەناوەراستی پەنجاکاندا،کەداهاتی عێراق زیادیکردبوو.لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیاردەیە

لەهەمووساڵەکانی ماوەی توێژینەوەکە بەردەوام نەبووە،بەهۆی ناسەقامگیری دۆخی سیاسی عێراق وچونی عێراق بۆبازنەی سۆڤیەت و دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکە.

بەگوێرەی بڵاوکراوەی ساڵانەی بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری وپەیوەندیەکان لەوەزارەتی پەروەوەردی عێراقی،کەلەسالی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە،لەو ساڵەدا ٦٧٨ خوێندکاری عێراقی لەئەمریکا بەخوێندنەوە سەرقالبون،کە ٤٥٠ کەسیان لەسەرخەرجی خۆیان و ئەوانی تریش لەرێگەی خەرجی حکومەتی عێراق و ئەمریکا دەیانخوێند(الكتاب السنوى للوزارة التربية والتعليم،١٩٦٩، ٨٧).ئەم ژمارەیەش بەبەراوردی ساڵانی پێش ١٩٦٨،کەمی ژمارەی خوێندکارانی عێراقی نیشاندەدات،کەزیاتر بۆئاڵۆزبونی پەیوەندیەکانی عیراقی سەردەمی عبدالرحمن عارف و ئەمریکاوپشتکیری ئەمریکا بۆئیسرائیل لەجەنگی عەرەب-ئیسرائیلی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە(العانى،1988، 174).

بەگوێرەی ئامارێکی وەزارەتی خوێندی باڵای عێراق،ژمارەی ئەوخوێندکارە عێراقیانەی کەلەسەر خەرجی حکومەتی عێڕاقی لەساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٢ دەیانخوێند،گەیشتبووە ٢٠٠٠ حوێندکار.هەروەها ئەوانەشی کەلەسەر خەرجی خۆیان دەیانخوێند گەیشتبووە ٢٥٠خوێندکار،تەنانەت لەبەغداد نوسینگەیەکی ئەمریکی لەبەغداد هەبووە،بۆکاروباری ئەوخوێندکارە عێراقیانەی کەلەئەمریکا دەخوێنن.لەهەموشی گرنگتر حکومەتی عێڕاقی هانی خوێندکارەکانی دەدا،لەبواری تەکنەلۆژیای نوێ لەئەمریکا بخوێنن،بەڵام کۆنگریسی ئەمریکی بەهاوکاری لۆبی جولەکە لەئەمریکا،دژی ئەم بیرۆکەیە دەوەستانەوەونەیاندەویست عێراق لەروی تەکنەلۆژیاو پیشەسازی پێشکبکەوێت(العانى،198٨،175).توێژەر بۆچونی وایە،کەئەوئامارەی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق،ئیشکتلی تێدایە،چونکە ئەو رێژەیە(2000 خوێندکار)،بۆئەو سەردەمە رێژەیەکی زۆرە،بەتایبەتی ئەوکاتە ئەمریکاو عێراق لەخراپترین ئاستی پەیوەندیەیکانیاندابون.

لەعێراقی پیش کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨،چەندین دامەزراوەی فێرکاری ئەمریکی کاریان دەکرد،لەوانە(زانکۆی حیکمە-کۆلیژی بەغدادی ئەمریکی-قوتابخانەی سەربازی ئەمریکی لەکوفە-گروپە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەسوعیە ئەمریکیەکان)،رۆڵێکی کاریان هەبوو لەبواری ڕۆشنبیری لەعێراقدا،بەجۆریک دەرچوانیان بەئاسانی کاریان لەناوعێراق و کورسی خوێندنیان لەئەمریکا دەستدەکەوت(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ٥٧).

بەگوێرەی فاچل البراک،زانکۆو قوتابخانە ئەمریکیەکان لەعێراق لەکۆتایی شەستەکاندا،ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەبووە،لەدابڕاندن و دروستکردنی هەستی جیاکاری و ناکۆکی و هەڵوەشانی ڕیزەکانی خەڵکی عێراق(البراک،١٩٨٤، ١٣).

لە٧ی شوباتی ١٩٦٨.لەپێناوبەهیزکردنی پەیوەندی یە رۆشنبیریەکانی ئەمریکاو عێراق،وەزارەتی مەعاریفی عێراق،رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی بەدەستهێنا،بۆمۆرکردنی ڕیکەوتنی رۆشنبیری و هاوکاری لەنێوان ئەمریکاوعێراق(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ٦٠).

هەروەها ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەهەمان ساڵدا، ڕەزامەندی دەربڕی بەسەرپەرشتیکردن و وتنەوەی وانەی سینەما لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد، لەلایەن دکتۆر (هیک مانوکیان)ی مامۆستای زانکۆی نیۆرک(د.ک.و،قرارات المجلس الوزراء العراقی،رقم ١،١٩٦٨، ٢٢).

بەرلەکودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨،زانکۆی حکمە،یەکێک بوو لەگەورەترین دامەزراوە فێرکاریەکانی ئەمریکا لەعێراق،کەلەساڵی ١٩٥٦ دامەزرابوو،لەدوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣،ئەمریکازیاتر بایەخی پێدەدا(الزیدی،2012،315).

هەرچی تایبەتە بە بەخشینی زەمالە بەخوێندکارانی عێراقی بۆخوێندن لەئەمریکالەساڵی ١٩٦٨،بەهۆی روداوەکانی کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨،زەمالەی حکومەتی عێراقی بۆخوێندن لەئەمریکا وەستاوکاریگەری نێگەتیڤی کردەسەرە پرۆسەی پەروەردەوخویندنی باڵا بۆئەوسەردەمەی عێراق.ئەوخوێندکارە عێراقیانەش کە ژمارەیان ٨٥کەس بوو،کاتێک ویستیان لەسەر ئەرکی خۆیان لەئەمریکا بخوێنن،کۆنگرێسی ئەمریکی،کێشەی بۆدروستکردن وراژینەبوو ئەم رێژەیەی عێراقی لەئەمریکا بخوێنن.ئەمەش نارەزایی عێراقی لێکەوتەوەو خودی احمد حسن البکر،سەرزەنشتی کۆنگرێسی کردو بەکارێکی دوژمنکارانەی لەقەڵەمدا.هاوکات سەرۆک کۆماری عێراق،ئەم رەفتارەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمریکای بەترسان لەتوانای لێهاتوویی و زیرەکی خوێندکارانی عێراق لەقەڵەمداو پێیوابوو لەژێر فشاری ئیسرائیل،ئەم بڕیارە دەرچووە(العانی،١٥٨،٢٠٢٠-١٥٩).

ئەمریکا دەستیکرد بە چالاکی رۆشنبیری و پرۆپاگەندەیی لەلایگەی زانکۆی حیکمە،کەیەکێک بوو لەگرنگترین دامەزراوە زانستی و فێرکاریەکانی ئەمریکا لەعێراق،کە کاری بۆبەرژەوەندی یەکانی ئەمریکا دەکرد.ئەم دامەزراوە بەئاشکرا پڕوپاگەندەی بۆسیاسەتی ئەمریکی دەکرد لەناوچەکە،بەتایبەت پشتگیری سیاسەتی ئەمریکی لەکێشەی عەرەب-ئیسرائیل.یەکێک لەفەرمانبەرانی ئەمریکی لەزانکۆی حیکمە ئاماژەی بەوەدابوو،کە ئەم دامەزراوە هەوڵی بلاوکردنەوەی بیری سیاسی ئەمریکای لەناو قوتابیاتی عیراقی داوە،بە ئامانجی سەرنجراکیشان و بەدەستهێنانی پشتگیریان بۆسیاسەت و بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکا لەناوچەکە (F.R.U.S 1969-1972,tel 2879,from the embassy in Bgagdad to the dep of statem,Baghdad,Aug 3,1972).

لەبەرامبەردا،لە ٥ی ئابی ١٩٦٩،ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش،بەبریاری ژمارە(٣٤٢)،زانکۆی حیکمەی هەڵوەشاندەوەو ستافی وانەوتنەوەو خوێندکارانی بۆزانکۆبەغداد گواستەوە(جریزی،٢٠١١، ٧٧).

لەکاردانەوەی ئەوەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دژی بڕیاری داخستنی زانکۆی حیکمە وەستایەوە،بەڵام عێراق ئەم زانکۆیەی بەدژایەتی گەلی عێراق و پشتگیریکردنی سەهیۆنیەت و پێدانی زانیاری بە هەوالگری ئەمریکی لەبارەی عێراق لەقەڵەمدا.ئەمەجگەلەوەی بەلای عێڕاقەوە دەرچوانی ئەم زانکۆیە ناتوانن هەڵگری هەستی نیشتمانپەروەریبن(الدليمی،٢٠١٢، ١٥٨).

زیاتر لەوەش ئەمریکا نیگەران بوو بەوکەمپەینە دژە ئەمریکی یە کە لەلەساڵی ١٩٦٩ لەعێراق پەرەی سەندبوو.بەتایبەتی لەفشارخستنە سەری دامەزراوە رۆنشیری و پەروەردەیی و ئایینی وکۆمەڵایەتیەکانی ئەمریکا لەعێراق.بۆنمونە دەرکردن و دەستگیرکردنی ستافی زانکۆی حیکمە،بەبێ هیچ پاساوێک (CIA,directorate of intelligence,internal research,sub:Iraq serach for the Bogeyman,Feb 14,1969).

پچڕانی پەیوەندی یە سیاسیەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێڕاق،نەبووە رێگر لەبەردەوامبون لەپەیوەندی یە رۆشنبیریەکانی نێوان هەردولا.بۆنمونە تەنها لەساڵی ١٩٧٠،ژمارەی ئەو خوێندکارە عێراقیانەی کەسەرخەرجی خۆیان لەئەمریکا دەیانخوێند لەهەردوو رەگەز ٨٥ خوێندکاربون،ئەم ژمارە کەمەش بەهۆی سنورداركردنی کۆنگرێسەوە بوو.ئەمەش بووەهۆی نارەزایی و کاردانەوەی(احمد حسن البکر)ی سەرۆککۆمار،کاتێک ئاماژەی بەوەدا،کۆنگرێسی ئەمریکا هاندانی سەهیۆنیەت، هەوڵی لەناوبردنی وزەی زانستی گەنجانی عێراق دەدات و لەتواناوزیرەکی گەنجانی عێراقی دەترسێت،کەلەداهاتودا بەربەست لەبەردەم پلانەکانیان دروستبکەن(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ٦١). بۆچونی تویژەر وایە،کئەو رەتکردنەوەیەی کۆنگرێس ،جگەلەکاریگەری لۆبی جولەکە،لەوانەیە بۆترسی ئەمریکا بوبێت،ئەگەر لەداهاتودا ئەو خویندکارانە بگەڕێنەوە عێراق،یارمەتی حکومەتەکەیان بدەن لەدروستکردنی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی و ئایلۆژی بدەن،چونکە ئەو کێشەیە دواتر دەبێتەیەکێك لەگرنگترین کێشەکانی ئەمریکاو عێراق..

بەپێی راپۆرتێک ژمارەی ئەوخوێندکارە ئەمریکیانەی،کەلەقوتابخانەو زانکۆکانی عێراق لەساڵی ١٩٧٣ خویندویانە گەیشتۆتە(٩خویندکار).ئەم رێژەکەمەش گەراوەتەوە بۆپشتگیری ئەمریکا لەئیسرائیل لەجەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ و سنورداركردنی ژمارەی خوێندکارانی عێراقی لەلایەن کۆنگریسەوە(وزارة التعلیم العالی،نشرة التعلیمیة السنویة،١٩٧٣، ١٠).

لەکۆتاییەکانی ١٩٧٤،دوای ئاسایبونەوەی پەیوەندی یە سیاسی یەکانی ئەمریکاو عێراق،زەمالەی ناردنی خویندکارانی ئەمریکی بۆعێراق،جارێکی تر دەستی پێکردەوە.ئەمە جگەلەبرەودانی پەیوەندی زانستی زانکۆکانی ئەمریکاوعێراق و سەردانی هەردولایەن بۆلای یەکتری.لەساڵی ١٩٧٥،عێراق ١٥٩ خویندکاری لەبوارە جیاوازەکانی زانستی ومرۆیی بۆخوێندن ناردە ئەمریکا.سەرەرای ئەوەی ئەمریکا نوسینگەیەکی بۆبواری خزمەتگوزاری خوێندن وگەشتیاری لەبەغداد کردەوە،بۆئاسانکاری ئەوانەی لەم بوارانە،کە لەعێراقەوە بەنیازن گەشتی ئەمریکا بکەن(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ١٦٠-١٦١).هۆکاری ئەو گۆڕانکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یە،بۆباشبونی پەیوەندی یە سیاسی و ئابوریەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق دەگەڕێتەوە،بەتایبەت ئەو کاتەی،کەعێراق لەبازنەی سۆڤیەت دورکەوتەوەو بەرەو ئەمریکاو رۆژئاوا هەنگاوینا.

ئیدارەی ئەمریکی بەردەوام بوو لەبەخشینی کورسی خوێندن بەخوێندکارانی عێراق،کاتێک هەستابە دابینکردنی ١٥٩ کورسی خویندن، لەهەموو پسپۆری یە مرۆیی و زانستیەکان لەرێگەی دامودەزگا فێرکاریەکانیەوە.ئەمە جگەلەوەی دامەزراوە فێرکاری و زانستیەکانی ئەمریکا،نوسینگەیەکی تایبەتیان بەبورای رۆشتبیری وکلتوری ئەمریکی لەبەغداد کردەوە،کە ناسرابوو بەنوسینگەی رۆشنبیری ئەمریکی،بە ئامانجی ئالوگۆری کلتوری نێوان ئەمریکاو عێراق و رأیکردنی کاروباری خوێندن وگەشتیاری هاوڵاتیانی عێراقی،کەبەنیازبون بچنە ئەمریکا(وزارة التعليم العالی والبحث العلمی،١٩٧٧،ص ١-٤) .

ئەمریکا سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەگەشەپێدانی چالاکی یە پروپاگەندەیی یەکانی لەدژی عێراق،لەمیانەی قەناعەتپێکردنی توێژی رۆشنبیران و چینی ناوەندی عێراقی،کە هەوڵی بەدیهێنانی دەوڵەت و سیستمێکی لیبرالی بدەن.ئەمە جگە لەسەرکەوتن بەدروستکردنی کاریگەری لەسەر خاوەن بڕوانامەو کادیرە بەتواناکانی عیراق بەپشتگیریکردنی ستراتیجیەتی ئەمریکا لەناوچەکە.ئەمەش لەرێگەی هاندانی زۆرێکیان بۆکۆچکردن بۆئەمریکا لەسەرەتای ١٩٧٥.بەجۆرێک ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیانی عیراق،کەهەڵگری بڕوانامەکانی ماستەرو دکتۆرابون و ژماریەان بە ١٠٠٠٠ کەس دەخەمڵێنراوزۆربەیان خاوەن پسپۆری وردی زانستی بون،بەرەو ئەمریکا کۆچیان کردو لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە پێشوازیان لێکرا(الحسناوی،٢٠٠٤،ص١٥٨).بۆچونی توێژەر وایە،زەحمەتە لەوسەردەمەی عێراق،هێندە هەڵگری خاوەن بڕوانامەی خویندنی باڵا بۆئەمریکا کۆچیان کردبێت،چونکە ئەوکاتە ژمارەی زانکۆکانی عێراق وەکو ئیستا زۆرنەبوو،بۆیە بەپێی کەمی ژمارەی زانکۆکانی عیراقی ئەو کات،لەوانەیە،ژمارەکە لەچارەگی ئەو ژماریە کەمتربێت کە (الحسناوی)ئاماژەی پێکردووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانین بڵێین پروپاگەندەی ئەمریکی،بەتایبەتی پڕوپاگەندەی رۆشنبیری،وێنایەکی جێگیرو کاریگەر لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی رۆشنبیرانی عێراق دابنێت.بەتایبەتی لەبواری بەرزنیشاندانی ئەمریکاو داهێنانەکانی.ئەمەش بەهۆی کاریگەری توانا کارگێری و دارایی و هونەریەکانی ئەمریکاوەبوو،کەتوانی کاریگەری دروستبکات لەسەر چینە کۆمەڵایەنی ونوخبەی عێراقی(الحسناوی،٢٠٠٤،ص١٥٩).

دامەزراوەی دیبلۆماسی ئەمریکی کە لەکونسوولخانەی بەلجیکا نوێنەرایتی بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکای دەکرد،لەساڵی ١٩٧٧،هاریکاری وەرگرتنی ڤیزایان پێشکەشی ئەو خوێندکارانەی عێراق دەکرد،کەدەیانویست لەئەمریکا درێژە بەخوێندن بدەن (AXMEД,1993, 56).

## تەوەرەی دووەم:هەڵویستی میدیای ئەمریکی بەرامبەر بەعێراق ١٩٦٨-١٩٧٩:

گومانی تێدا نیە،ڕاگەیاندنی ئەمریکی کاریگەری بەرچاوی لەسەر بریاری سیاسی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق هەبووە،بەوپێ یەی راگەیاندن لەوڵاتانی رۆژئاوا وەکو دەسەڵاتی چوارەم سەیردەکرێت و بریار بەدەستانی ئیدارەی ئەمریکی،حسابی وردیان بۆ بۆچونەکانی میدیای ئەمریکی کردووە.سەرەرای ئەوەش لەزۆربەی قۆناغە مێژوویی یەکاندا،ئەمریکا ئەم بوارەی بەکارهێناوە،بۆدروستکردنی کاریگەری لەسەر گەلان.لەدوای کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨،رادیۆی دەنگی ئەمریکاورۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیۆرک تایمز،چەندین وتارو ڕاپۆرتیان لەبارەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراقورواداوەکانی عیراق وکیشەکانی نێوان عیراق و بەریتانیا بلاوکردۆتەوە.

بەگوێرەی صلاح المختار،زۆربەی ئەوانەی لەمیدیای ئەمریکا کاردەکەن،پەیوەندیان بەدەزگای موخابەراتی ئەمریکی وە هەبوو.ئەوبابەتانەشی کە لەبارەی عێراقەوە دەیان نوسی،زیاترلەبارەی (کێشەکانی عێراق – ئیران - کێشەی کورد، عیراق - ئوردن، پەیوەمدیەکانی عێراق...) بون (المختار،١٩٩٢، ٣٩).

سەرکردایەتیکردنی بەرەی نەتەوەیی عەرەبی لەلایەن عێراق،وای لەرۆژنامەکانی ئەمریکاکرد،داوای پێداچونەوە بەلاوازی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عیراقدا بکەن.ئەوەبوو رۆژنامەی نیۆرک تایمزو

رۆژنامەی ستار،داوایان لەبەرپرسانی وڵاتەکەیانکرد،سیاسەتیکی دۆستانە بەرامبەر وڵاتانی عەرەب و عیراق پەیرەوبکەن(جريدة الثورة،عدد 81،بغداد،8 تشرين الثانی 1968).لەوانەیە ئەم هەڵوێستە لەوەوە سەرچاوەگرتبێت،کەمیدیاکانی ئەمریکا ترسیان لەوەهەبوبێت،کە عێراق کاریگەری لەسەر وڵاتانی تری کەنداوو عەرەبی تر دروستبکات،بۆدژایەتیکردنی ئاراستەی دژە ئەمریکی،ئەمەش زیان بەبەرژەوەندیەکانی ئەمریکا،بەتایبەتی بەرژەوەندی یە نەوتیەکان بگەیەنێت.

میدیای ئەمریکی بەتایبەتی (هیرالد تریبیون - نیۆرک تایمز - تایم...)، حکومەتی فەرەنسایان تۆمەتبارکرد، بەوەی بەپرچەککردنی عێراق، خیانەتی لەئیسرائیل کردووەو بووەتە هۆی بەهێزبونی سۆڤیەت (الربیعی،٢٠١٣، ١٦٠).

لەلایەکی ترەوە میدیاکانی ئەمریکا،بەتوندی دژایەتی میدیاو رۆژنامەکانی عێراقیان دەکرد.بەتایبەتی دژایەتیکردنی ئاژانسی هەواڵی عیراق و رۆژنامەکانی الحمهوریه و الپوره،بەداردەستی سۆڤیەت ودژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمریکی تۆمەتباردەکرد..(Cooley,1981, 42)یەکێک لەگرنگترینی ئەو دەزگا ئەمریکیانەی کە دژایەتی عێراقی دەکرد،دەزگای(هاشیت)بوو،کە لۆبی جولەکە کاریگەری بەرچاوی لەسەرهەبوو.بەتایبەتی ئەم دەزگایە باسی پاشکۆیەتی عێراق بۆسۆڤیەت ونیشاندانی عێراق وەکو بەرهەڵستکاری ئەمریکا لەناوچەکە وێنا دەکرد.ئەم دەزگایە لەڕێگەی بەرنامەکانی باسیان لەدواکەوتوویی عێراق دەکردو بەراوردیان دەکرد بە پێشکەوتویی ئەمریکا.لەگەڵ باسکردنی ئەوەی کە لەعێراقدا سیستم نیەو هاوڵاتیان لەژیانێکی سەختدا دەژین و حکومەتی عێراقی توندوتیژی لەگەل هاوڵاتیانی بەکاردەهێنێت،ئەمەش کاریگەری بەرچاوی کردەسەر،رەوەندی عێراقی لەتاراوگە بۆدژایەتیکردنی حکومەتی عێراق(عبدالرزاق،١٩١،٢٠٢٠).

لەبارەی هەڵوێستی راگەیاندنی ئەمریکی بەتایبەتی نوسینەکانی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست،عەدنان پاچەچی،نوێنەری هەمیشەیی عیراق لەنەتەوەیەکگرتووەکان لە٢٣ی شوباتی ١٩٦٨،راپۆرتێکی بۆوەزارەتی دەرەوەی عیراق ناردووە.پاچەچی لەڕاپۆرتەکەی زانیاریەکانی رۆژنامەی واشنتۆن پۆستی

ئاماژەپێداوە،کەباسی لە(دۆخی سیاسی ناوخۆی عیراق-پەیوەندی یە دەرکیەکانی عێراق-کەسایەتی عبدالرحمن عارف-بێ توانایی عارف،لەدوبارە ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا-عێراق)کردبوو(العانی،٢٠١٢، ١١٠).

هەرچی هەڵوێستی ڕۆژنامەکانی ئەمریکایە لەبارەی کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨،لەدوای کودەتاکە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەوتارێکدا،ئەم کودەتایەی بەسەرۆکایەتی لیوای خانەنشین احمدحسن البکر،بەموفاجەئە زانیوەو هۆکارەکەشی بۆهەبونی ناسەقامگیری و لاوازی حکومەتی عێراق گەڕاندۆتەوە(العانی، ٢٠١٢، ٢١١).

هەرچی دەربارەی بونی فیلمی ئەمریکی یە لەعێراق،کوتوێژەر وەکو بەشێك لەبواری لاییەنی رۆشنبیری و پروپاشگەندەی ئەمریکی هەژمارییکردووە،ئەمریکا بەر لەکودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٦٨،چەندین فیلمی دەناردە عێراق،بەڵام بەهۆی لاوازبونی پەیوەندی یە سیاسیەکانی نێوان هەردولاوکاریگەری و زاڵبونی هەستی پشتگیریکردنی ئیسرائیل لەفیلمە ئەمریکیەکان،بەتایبەتی لەفیلمی تەورات،کەفەلەستینیان بەخاکی جولەکە دادەناو خەباتی فەلەتسینیەکانیشیان بەتیرۆر دەناساند،ئەمەش وایکرد،فیلمی ئەمریکی بەتەواوی پاشەکشەبکات(الربیعی،٢٠١٣ ، ١٦٨-١٦٩).

خشتەی ژمارە( ١ ) ناردنی فیلمی ئەمریکی بۆعێراق لەساڵانی ١٩٦٨- ١٩٧٩

| ڕێژەی بینینی فیلمە ئەمریکیەکان لەلایەن هاوڵاتیانی عێراقەوە | ریزبەندی ئەمریکا لەنێوان ئەو وڵاتانی کە فیلمیان ڕەوانەی عیراق کردووە | ساڵ |
|---|---|---|
| %٣٣،٨ | دووەم | ١٩٦٦ |
| %١١ | چوارەم | ١٩٦٧ |
| %٠،٢ | شانزەهەم | ١٩٦٨ |

لەدوای کشانەوەی بەریتانیا لەکەنداو لەسەرەتای حەفتاکان وداگیرکردنی سێ دورگەکە لەلایەن ئێران وبەرهەڵستی نیشاندانی عێراق بۆئەم هەوڵە داگیرکاری یەو زیادبونی کیشە سنوریەکانی نێوان عێراق

و ئێران،میدیاکانی ئەمریکا،هێرشیاندەکردە سەرعێراق و بەهەوڵدان بۆسەپاندنی هەژمونی بۆسەر کەنداو لەقەڵەمدا(العبیدی،١٩٨٥، ١٠).ئەو دژایەتیەی میدیاکانی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق،بەهۆی بەرهەلستیکردنی ئێرانی هاوپەیمانی ئەمریکاوە بووە،کەئەمریکا رەزامەندبوو بەو داگیرکاریەی ئێران،چونکە وەکو پاسەوانی کەنداو مامەڵەی لەگەڵ ئێران دەکرد.

هەرسەبارەت بەپرسی داگیرکاری سێ دورگەکە،گۆڤاری تایمی ئەمریکی ئاماژەی بەوەدابوو،کەکێشەی سێ دورگەکە،هیچ پەیوەندی بەعێراقەوە نیە،بەڵکو کێشەی نێوان ئێران و ئیماراتەو عێراق دەیەوێت هەژمونی خۆی لەناوچەکە زیادبکات

(F.R.U.S 1968-1972,E4,DOC 297,FROM THE EMBASSY IN LEBANON TO THE DEP OF STATE,FEB 2,2,1972,142).

لەدوای مۆرکردنی ڕێکەوتنی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان عێراق و سۆڤیەت لەساڵی ١٩٧٢،جێگەی بایەخی میدیای ئەمریکی بوو.کاتێک ئەمریکا لەشارەکانی عەبادان و بەندەر عەباس ئێزگەی ئەمریکی لێ دامەزراند،بۆدژایەتیکردنی ئەم ڕیگەوتنەو کاریگەری دروستکردن لەسەر گوێگرانی رادیۆکە لەعێراق(الناصری، 1977،29).لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکاش،بەگوێرەی

W.PHLIP،میدیای ئەمریکی بەهەماهەتگی ئاژانسی (سی ئای ئەی)کۆمەڵێک وتاریان لەمانگی تەموزوئابی ١٩٧٢،دەربارەی دوژمنایەتی عێراق بەرامبەر ئەمریکاومەترسیەکانی ریکەوتنی عێراق-سۆڤیەت ئامادەکرد،بۆدروستکردنی کاریگەری لەسەر هاوڵاتیانی ئەمریکی ودروستکردنی رای گشتی دژەعێراقی لەناوخۆی ئەمریکا.لەلایەکی ترەوەزۆرجار رۆژنامەکانی ئەمریکا،باسیان لەهێرش و توندوتیژی حکومەتی عێراق بۆسەر کەمایەتیەکان،بەتایبەتی کورد دەکرد.هەروەک رۆژنامەی واشنتۆن پۆست،لەتەموزی ١٩٧٢،باسی لەهێرشی سەربازی حکومەتی عێراق بۆسەر ناوچەکوردیەکان کردبوو

(F.R.US 1969-1972,VOL E4,DOC317, TEL 5798, FROM THE TO THE DEPARTMENT OF STATE TO THE EMBASSY OF THE SOVEIT UNION,JULY 16,1972,161).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەربارەی هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکی لەدژی خۆماڵیکردنی نەوتی عێراقیش، لەڕوی میدیایی یەوە بەچری دەستیپێکرد،بۆلێدان لەبریاری خۆماڵیکدرنی نەوتی عێراق و نیشاندانی بەکارێکی شکستخواردوو لەلایەن رۆژنامەنوسانی ئەمریکاوە،بەتایبەتی دەیانگوت کە عێراق ٩٠% بودجەکەی لەداهاتی نەوت دەستدەکەوێت،بەڵام بەهۆی حۆمالیکردنەوە ناتوانێت نەوتەکەی لەبازاڕەکانی جیهان بفرۆشێت(عباس،٢٠١٧، ١٨٣-١٨٤).دەربارەی هەڵویستی میدیای ئەمریکاش لەساڵی ١٩٧٣،لەم ماوەیە گرنگترین رووداو رودانی جەنگی ئۆکتۆبەی ١٩٧٣ی عەرەب-ئیسرائیل بوو،کە ئەمریکا یارمەتی ئیسرائیلی داو،عێراقیش لەدژی ئیسرائیل یارمەتی میسریدا.هەربۆیە شتێکی ئاسایی بوو،کە میدیای عێراق وەکو ساڵانی رابردوو،دژایەتی عێراق بکات.

لەماوەی جەنگەکەدا میدیای ئەمریکی،بەتوندی دژایەتی عیراقی دەکرد،بەئامانجی نیشاندانی وێنایەکی خراپی عێراق لەجیهان.بەجۆرێک سەرجەم بابەتەکانی رۆژناموکانی ئەمریکا لەبەرژەوەندی ئەمریکاو ئیسرائیل دەنوسران،بۆسەرقالکردنی حکومەت ومیدیای عێراقی و لەبیربردنەوەی دژایەتی ئیسرائیل و کاریگەری چالاکی عێراق لەجەنگەکە(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ١٩٧).

رۆژنامەکانی نیۆرک تایمزو واشنتۆن پۆست،زۆرجار باسی ئەومەترسیانەیان دەکرد،کەئەگەری هەیە ئەمریکا،بەهۆی عێراقەوە توشی ببێت.بەتایبەتی باسکردن لەسیاسەتتی نەوتی عێراق و خۆمالیکردنی نەوت،کە پێیانوابوو دەکرێت هاندەربێت بۆوڵاتانی تری عەرەبی.هەربۆیە ئەم رۆژنامانە هانی ئیدارەی ئەمریکیان دەدا،کە هێزی سەربازی لەکەنداو بۆپاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەکاربهێنێت،ئەئامانجی سەلامەتی گواستنەوەی نەوت و پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکاو پاراستنی ئیسرائیل(عبدالرزاق،٢٠٢٠ن١٩٨).

لەروی راگەیاندنەوە،دامودەزگا میدیاییەکانی ئەمریکا لەمیانەی جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣،بەهۆی ئەوەی عێراق لەبەرەی دژە ئەمریکا بوو،هەڵمەتێکی میدیایی توندیان لودژی عێراق ئەنجامدا.بەتایبەتی لەبەرکارهێنانی چەکی نەوت لەدژی ئەمریکا لەلایەن عێراق،بەدژی بەرژوەندیەکانی ئەمریکا

لەقەڵەمدراوگومانی ئەوەیان نیشاندا کە سەرکەوتوبێت.بەگوێرەی لێدوانی میدیاکانی ئەمریکا،عێراق ناتوانێت نەوتەکەی لەبازاردا بفرۆشێت، کە لە 90% بودجەی سالانەی عیراقی پێکدەهێنا.ئەمە جگەلەوەی سیستمی حکومڕانی عێراقیان بەتوندوتیژو قۆرخکاروعیراقیان بەمەترسی بۆسەر وڵاتانی عەرەب و ئەمریکاو ڕۆژئاوا ناوزەندکرد(العلیان،١٠٩،2009) .

یەکەمین کاردانەوەی میدیایی ئەمریکا بەرامبەر بەکارهێنای چەکی نەوت لەلایەن عیراق لەئۆکتۆبەری ١٩٧٣،گۆڤاری ئیکۆنۆمیست بوو،کاتێک ئەم هەڵوێستەی عێراقی بەکارێکلا قبولنەکراوو لەقەڵەمداو ئاماژەشی بەوەکرد،ئەم هەڵوێستەی عێراق،ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هاندەدات،کەیارمەتی یە داراییەکانیان بۆعێراق ڕابگرن.ئەمە جگەلەبڵاوکردنەوەی هەرەشەی بەرپرسانی ئەمریکا لەعیراق. هەروەک ئەندامێکی کۆنگریس لەلێدوانیکیدا بۆئەم گۆڤارە،ئاماژەی بەوەدابووولەهەمووسەردەمە مێژوویی یەکاندا،هیچ وڵاتیکی نەوتی عەرەبی لەنمونەی عێراق نەبووە،هەڵوێستی دوژمنکارانەی چەکی نەوتی لەدژی عیراق بەکاربهێنێت(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ٩٧)،بۆیە جەنگی میدیایی یەکێکە لەباشترین چەکەکان بۆڕوبەروبونەوەی عێراق(خاروداکی،2013، 20٥).

لەمیانەی جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی عەرەب-ئیسرائیل و بەشداری عێراق لەدژی ئیسرائیلی هاوپەیمانی ئەمریکا،ئامرازە میدیاییەکانی ئەمریکا بەنوسراوو بینراوو بیستراو،هەڵمەتێکی توندیان لەدژی ولاتانی عەرەب بەگشتی و عێراق بەتایبەتی ئەنجامدا،بەتایبەتی ڕوداووکیشەناوخۆییەکانی عێراق(کێشەی کورد)یان قۆستەوە بۆهێرشکردنە سەرعێراق بەئەنجامدانی کوشتنی هاوڵاتیانی(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ١٠١).

خاڵێکی تری بەکارهێنانی سیاسەتی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی ئەمریکی لەدژی عێڕاق لەروی ئاینی یەوە بەوە. گومانی تێدانیە زۆرێک لەوڵاتان هەولیانداوە،هۆکاری تەبشیری وەکو چەکێکی نەرم بەکاربهینن،بۆزاڵکردنی هەژمونیان بەسەروڵاتاندا،بەمەستی دروستکردنی جیاوازی و ناکۆکی.ئەمریکاش ئەوچەکەی لەدژی عیراق بەکارهێنا لەساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩.بەکارهێنانی سیاسەتی

پەرتکەوزاڵبە،یەکێک بوو لەسیماکانی چالاکی تەبشیری ئەمریکی لەعێراق.لپیناوی چاندنی تۆوی ناکۆکی لەناوپێکهاتە جیاوازەکانی عێراق،بەتایبەتی لەنێوان مەسیحیەکانی عێراق،کەموبەشیرە ئەمریکیەکان هەوڵیاندەدا ئاینزاکەیان بگۆرن بۆ پرۆتیستانتی(کاضم،١٩٨٥، ١٠٨).

بەئاسایسبونەوەی پەیوەندی یە سیاسیەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق لەساڵی ١٩٧٥،سیاسەتی میدیای ئەمریکیش بەرامبەر بەعێراق گۆرانکاری ڕیشەیی بەسەرداهات.چیتر میدیاکانی ئەمریکا دژایەتی عێراقیان نەدەکرد.تەنانەت لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٥،عێراق ڕازیبوو،ئەمریکا نوسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن،لەبەغداد بکاتەوە(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ٢٠٠).

ڕۆژنامەیUS News and W orld Report ی ئەمریکی لەساڵی ١٩٧٥ ئاماژەی بەوەدابوو،کەبەرژەوەندی ستراتیژی ئەمریکا،لەوەدایە کەمامەڵەی بازرگانی لەگەڵ عێراقدابکات.بۆیە داوای کردبوو،کەئیدارەی ئەمریکی پەیوەندی بەهێزی لەگەل عێراقداهەبێت(احمد،١٩٨٩، ١٧٥).

بەشداری میدیاکارانی ئەمریکا لەچالاکیە هونەری و رۆشنبیرەکانی عێراق و چاوپێکەوتن لەگەل بەرپرسانی عێراق،یەکێکی تربوو لەچالاکی میدیاکارنی ئەمریکا لەعێراق،کاتێک لەساڵی ١٩٧٦،هەماهەنگی رۆشنبیری لەنێوان ئەمریکاو عێراق زیاتر دروست بوو،بەوەی وەفدێکی ئەمریکی لەسەر بانگێشتی عێراق،بەشداریانکرد لە ڤیستیڤاڵی سینەمای جیهانی کە لەبەغدا رێکخرابوو.هەروەها وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقیش بانگێشتی بۆپەیامنێری ڕۆژنامەی

Chicago Daily Newsنارد،بەمەستی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەدام حسێن(جريدة الشرق الاوسط،عدد ١٠٠٠٧،٢٢ نيسان،٢٠٠٦؛شهباز،٢٠١٨،ص٤٧).

هەرچەندە لە لێدوانی سەدام حسێنی جێگری سەرۆک کۆمار ،بۆ ڕۆژنامەیNews W eek ی ئەمریکی،ئامادەیی عێراقی نیشاندا بۆئاسیبونەوەی پەیوەندی یەکانی هەردولا،بەڵام ئیدارەی ئەمریکا بە وریایی و ئاگایی یەوە مامەڵەی لەگەل عێراق دەکرد) شهباز،٢٠١٨،ص٤٧.(

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم سۆنگەیەوە دەکرێت،نوسین وکارکردنوئامانجی میدیای ئەمریکی،خزمەتکردنی سیاسەتی ولاتەکەیان بوبێت،لەگەڵ دژایەتیکردنی ئەو وڵاتانەی کەدژی سیاسەتی ئەمریکابون.لەکاتی ئاساسیبونەوەی پەیەوەندیەکانی عێراق و ئەمریکاش لەناوەراستی حەفتاکان،هەڵوێستی میدیای ئەمریکی وەکو هەڵویستی ئیدارەی وڵاتەکەیان بەرامبەر بە عێراق دۆستانە بوو. لەهەندێک کاتیشدا کەگرژی لەنێوان ئەمریکاو عێراق دروستدەبۆوە،دیسان میدیاکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی نێگەتیڤ باسی عێراقیان دەکرد.بۆنمونە لەدوای تەواوبونی لوتکەی عەرەبی،کەبەسەرپەرشتی عێراق لە١٩٧8،بەمەستی دژایەتیکردنی رێکەوتنی کام دەیقد بەسترا،میدیاکانی ئەمریکا کارەکانی لوتکەیی عەرەبیان لەبەغداد بە بێ بایەخ نیشانداو ئاماژەیان بەوەدا،کەعێراق شکستی هێناوە لەوەی بتوانێت زۆربەی وڵاتانی عەرەبی قەناعەتپێبکات،کەبەشداری بکەن(العانی،١٩٨٨، ٣٢).

**باسی سێ یەم:چالاکی شوێنەوارناسانی ئەمریکا لەعێراق ١٩٦٨-١٩٧٩:**

بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی سالآنی توێژینەوەکەدا،کەمترین زانیاری لەبارەی چالاکی شوێنەوارناسانی ئەمریکا لەعێراق لەبەردەستە.تەنانەت تا ئێستاش،پەرتوکێکی تایبەت لەبارەی بزاڤی شوێنەواری ئەمریکی و چالاکیە زانستیەکانیان لەعێراق چ بەئینگلیزی یان عەرەبی لەبەردەست نیە.سەرەڕای ئەوەی لەبەڵگەنامەکانی ئەمریکی زۆرکەم باسی ئەم بابەتەکراوەوزیاتر جەختیان لەسەر رەهەندە سیاسی و ئابوریەکانی پیەوەندی نێوان ئەمریکاو عێراق کردۆتەوە.ئەو زانیاریانەی لەبەردەستیشن زیاتر لەچوارچێوەی پەرتوک و پەراوێزی بابەتەکانی ترەوە بەدەستهاتون.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هەوڵ وچالاکیە شوێنەواری یەکان و خزمەتە زانستیەکانی نێردراوانی ئەمریکی لەعێراق لەبواری شوێنەوارناسی فەرامۆشبکریت.بۆیە توێژەر ئەو زانیاریانەی دەستیکەوتووە،باسێکی تایبەتی لەبەشی پەیوەندی یە رۆشنبیریەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق لەسالآنی ١٩٦٨-١٩٧٩ بۆتەرخانکردووە.

لەڕاستیدا لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکە،بەهۆی ئاڵۆزی و ناجێگیری بەردەوامی پەیوەندی یە سیاسیەکانی ئەمریکاو عێراق و پچرانی پەیوەندیەکانی هەردولا،بەتایبەتی نەبونی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەعێراق لە ١٩٦٧ تا ١٩٨٤،بزاڤی لێکۆلینەوە لەشوێنەوارو چالاکی زانکۆو دامودەزگا زانستی وشوێنەواریەکانی ئەمریکی لەعێراق زۆر کەمبوو.ئەمە جگەلە ناسەقامگیری و بارودۆخی نالەباری ئاسایشی عێراق و زاڵبونی سیستمێکی سەربازی و هەبونی ئاڕاستەی دژە ئەمریکی لەدەستپێکی کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨وە دەستپێکردبوو.

هەرلەدوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم وبەدرێژایی سەردەمەکانی ماوەی حوکمرانی پاشایەتی لەعێراق،چالاکی نێردراوە ئەمریکیەکان لەبواری شوێنەوار لەعێراق بەردەوامبوو.ئەوەی تایبەتیشە بۆساڵانی بەرلەکودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨،تێبینی دەکرێت کە لەساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٨،ئەمریکا لەدوای ئیتاليا بەپلەی دووەم دەهات لەنێوان ئەو نێردە رۆشنبیری و شوێنەواریانەی کەلەعیراق بونیان هەبوو(Halk.1971, 26)

ئەمریکا بایەخی تایبەتی داوە بەناوچە شوێنەواریەکانی عێراق،بەجۆرێک  بەردەوام جوڵەی گەشتی زانستی هاوڵاتیان و ناوەندە زانستیی وگەشتیاریەکانی ئەمریکا بۆ ناوچە شوێنەواریەکانی عێراق بونی هەبووە،کەلەلایەن دامودوزگا شوینەواری و رۆشنبیریەکانی عێراقەوە ڕێینمایی وکارئاسانیان بۆدەکرا(الربيعى،2013، 171).

لەمیانەی ئەوگۆڕانکاریانەی کەبەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستداهاتن،بەتایبەتی بەرپابونی جەنگی عەرەب-ئیسرائیلی حوزەیرانی ١٩٦٧،کاریگەری بەرچاوی لەسەر عێراق کرد،بەتایبەتی لەتێکچونی پەیوەندی سیاسی ئەمریکاو عێراق و دواکەوتنی نێردە رۆشنبیری و شوێنەواریە ئەمریکیەکان بۆعێراق.بۆنمونەدواکەوتنگەیشتنی دکتۆر(کرۆفۆرد)لەمۆزەخانەی (میترۆپۆلیتان)و دواکەوتنی دکتۆر(هانسن)لەزانکۆی نیۆرک، بۆپشکنین لە(گردی هەبا-ناحیەی دزایە-قەزای شەرگات) وپرۆفیسۆر بۆپشگنین لە(گردی نەفەر)بەهۆی روداوەکانی کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨، هەرچەندە ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوانەی کۆتایی پێشەتر مۆڵەتی کارکردنیشیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەدەسهێنابوو(الهیئة العام للاثار والتراث،عدد 5847،1968،26).

چونی نێردراوە شوێنەواریەکانی ئەمریکا بەرلەکودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ بۆعێراق،بەمەبەستی کنەوپشکنین لەدیوانیەو تەواوکردنی کارەکانیان لە١٨ی نیسانی ١٩٦٨و پێشکەشکردنی تەواوی زانیاریەکان بەبەڕێوەبەریتی گشتی شوێنەوار.ئەمەجگەلەکارکردنی چەندین دەستەو ڕێکخراوی شوێنەواری ئەمریکی لەعێراق وەکو(دەستەی زانکۆی شیکاگۆ-دەستەی زانکۆی نیۆرک،دەستەی مۆزەخانەی میترۆپۆلینان...)(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ٦٢).

بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەعێراق دروستبوو،لەدورخستنەوەی عبدالرحمن عارف لەدەسەڵات وهاتنەوەی دوبارە دەسەڵاتی بەعسیەکان لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨،چالاکی شوێنەواری نێردراوانی ئەمریکی لەعێراق،بۆماوەیەکی زۆر پچڕا(بوسخیت،1991، 44).

جارێکی تر لەدوای کودەتای ١٧ی تەموز،کارەکانی گروپە شوێنەوارناسیەکانی ئەمریکا لەعێراق دەستپێکردەوە،کاتێک،لە٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩،لەگردی(ابوحریبە)،جارێکی تردەستیان بەکارکردن کردەوەو تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ بەردوامبون وگەلێک پاشماوەی شوێنەواریان دۆزیەوە(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ٦٢).

لەساڵی ١٩٧٢، شاندێکی شوێنەوارناسی بەشی لێکۆلینەوەی رۆژهەڵاتی لەزانکۆی شیکاگۆی ئەمریکی لە٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧٢ سەردانی ناوچەی نەفەری پارێزگای قادسیە،دواتر وەستانی کارەکانیان بەهۆی سەری ساڵ و ساڵیادی سوپای عێراق.لەهەمان سالیش چونی شاندێکی تری شوێنەوارناسانی ئەمریکی بۆکنەوپشکنین لەهەمان ناوچەو بونی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی کارگێڕی پارێزگاکە(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ٦٢).

ساڵی ١٩٧٣،هەرچەندە پەیوەندی یە سیاسیەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق لەوپەری گرژیدابوو،بەڵام چالاکی شوێنەوارناسانی ئەمریکی بەتەواوی نەوەستا،بەڵکو لە٢٥ی کانونی یەکەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٩٧٣،شوێنەوارناسانی زانکۆی پەنسلڤانیا،لەناوچەی(نەفەر)ی پارێزگای قادسیە،چەندین پاشماوەیان دۆزیەوە کەبۆسەردەمی سەلوقی دەگەڕانەوە.هەروەها لەهەمان ساڵدا حکومەتی عێراق ڕەزامەندی دەربری بەکارکردنی شوێنەوارناسانی ئەمریکی بۆکنەوپشکنین لەناوچە شوینەواریەکانی پاریزگانی قادسیەو واسط و بابل،کەبووەهۆی دۆزینەوەی چەندین پاشماوەی شوێنەواری بەبایەخ(عبدالرزاق،٢٠٢٠، ١٠٣).

ئەوەی شایانی ئاماژەبۆکردنە،لەدوای ساڵی ١٩٧٣ تاوەکو ١٩٧٩،چ لەلایەن ئەمریکاو چ لایەن عێراقیش،لەپەیوەندی یەکانی نێوانیان،زیاتر بابەتی ئابوری و سەربازی جێگەی بایەخ بوو.بەپێچەوانەوە کەمتر بابەتی رۆشنبیری و زانستی و شوێنەوارناسی لەپەیوەندی یەکانیان ڕەنگیداوەتەوە.

## دەرئەنجام

لەئەنجامی نوسینی ئەم توێژینەوەیە دەربارەی پەیوەندی یە رۆشنبیری یەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق لەساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩،توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١-هەردولایەنی ئەمریکی و عێراقی هەوڵیانداوە،پەیوەندی رۆشنبیری لەنێوانیاندا هەبێت،هەریەکەیان بۆمەبەستێکی دیاریکراو،بەمەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانیان،ئەمریکا هەوڵی نزیبکونەوەی لەعێراقداوە لەروانگەی رۆشنبیری یەوە،بەمەبەستی سەرنجراکیشانی عێراق،تاکو پەیوەندی لاوازی ئابوری و نەوتی بەتەواوی لەناونەچن و هاوکات عێراق لەبازنەی سۆڤیەت دوربخاتەوە.

٢-عێراقیش هەولی نزیکبونەوەی لەئەمریکاداوە،بەهۆی پێشکەوتوویی ئەمریکا لەبواری زانستی و تەکنەلۆژی و پێویستی عێراق بەو وڵاتە.

٣-بەهۆی گۆڕانکاری یە ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی یەکانی عێڕاق و ناوچەکە،زۆرجار پەیوەندی یە رۆشنبیری یەکانی هەردولا بەرەو لاوازی و نەمان چوون،هاوکات لەگەڵ ئاسایبونەوەی پەیوەندی یە سیاسی یەکانی هەردولا،پەیوەندی یە رۆشنبیری یەکانیش ئاسایی دەبونەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤-(کارکردنی دامودەزگا فێرکاری یەکانی ئەمریکاو خوێندنی خوێندکارانی عیراقی لەئەمریکا- کارکردنی نێردە ئەمریکیەکان لەبواری هەڵکۆڵینی ناوچە شوێنەواری یەکانی عیراق- هەڵویستی میدیای ئەمریکی بەرامبەر بەعێراق)،گرنگترین ئەو بوارە رۆشنبرییانەبون،کەهەردولایەنی ئەمریکاو عێراقی پێکەوە بەستبۆوە،لەم بوارانەدا عێراق گەلێک دەستکەوتی رۆشنبیری و فەرهەنگی بەدەستهێنا.

٥-هەمووئەودامودەزگاونێردراوانەی ئەمریکا،کەلەعێراق کاریان دەکرد،جگە لەخزمەتکردنی بواری رۆشنبیری عێراق،ئامانجی سەرەکیان خزمەتکردنی بەرژەوەندی یەکانی وڵاتەکەیان بوو،ئەم دیاردەیە زیاتر لەمیدیاکانی ئەمریکا ڕەنگیدابۆوە،ئەمەش وایکرد کەئەم نێردراوو دەزگایانەی ئەمریکا،لەلایەن عێراقەوە،بەتۆمەتی سیخوری، روبەروی ڕێگریکردن لەکارکردن ببنەوە.

٦-لەپەیوەندی یەکانی نێوان ئەمریکاو عێراقدا،بواری رۆشنبیری زۆرکەمتر بەبەراورد پەیوەندی یە نەوتی و ئابوری و سیاسی و سەربازی یەکان بایەخی پێدراوە.ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاری یە سیاسی و سەربازی  و ئابوریەکانی عێراقی ئەوسەردەمە.

## سەرچاوە:

یەکەم-بەڵگەنامەکان:

F.R.U.S 1969-1972,tel 2879,from the embassy in Bagdad to the dep of state, Baghdad, Aug 3,1972).

F.R.US 1969-1972,VOL E4,DOC317, TEL 5798, FROM THE TO THE DEPARTMENT OF STATE TO THE EMBASSY OF THE SOVIET UNION, JULY 16,1972,161.

FEB  F.R.U.S 1969-1972,E4,DOC 297,FROM THE EMBASSY IN LEBANON TO THE DEP OF STATE, 2,2,1972,142.

CIA,directorate of intelligence,internal research,sub:Iraq serach for the Bogeyman,Feb 14,1969.

دووەم-بڵاوکراوە فەرمیەکانی حکومەتی عێراق:

الهيئة العام للاثار والتراث(١٩٦٨)،عدد 5847،بغداد.

وزارة التخطيط،المجموعتان الاحصائيتان العامتان 1966–1968،بغداد.

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، نشرة التعليمية السنوية،بغداد،١٩٧٧.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وزارة التعليم العالى،نشرة التعليمية السنوية،بغداد،١٩٧٣.
دائره الوپائق الوگنيه،قرارات المجلس الوزراء العراقى،رقم٢٢ ،بغداد،١٩٦٨.
الكتاب السنوى للوزارة التربية والتعليم،بغداد،١٩٦٩.
سێ یەم- رۆژنامەکان:
جريدة الثورة،عدد 81،بغداد،8 تشرين الثانى 1968.
جريدة الشرق الاوسط،عدد ١٠٠٠٧،٢٢ نيسان٢٠٠٦.
چوارەم-گۆڤارەکان:.
العبيدى،ابراهيم،التحدى الفارس المنطقة الخليج العربى،مجلة افاق العربية،عدد2،شباد 1985.
الزيدى،سنان صادق حسين ،النشاط الاثارى الامريكى في العراق،شباط 1963-تموز 1968،مجلةالاداب،عدد 73،جامعة بغداد،2006.
المختار،صلاح،من يصنع القرار الامريكي،مجلة افاق العربية،عدد11،تشرين الثانى،1992.
الناصرى ،سلام خطاب ،الاعلام الامريكي ودوره في السياسة الخارجية،مجلة افاق العربية،عدد3،بغداد،حزيران 1977.
پێنجەم-پەرتوکەعەرەبی یەکان:
البراك،فاضل،المدارس اليهودية والايرانية في العراق دراسة المقارنة،مطبعة دارالرشيد،بغداد،1984.
بوستخيت،نيكولاس،حضارة العراق واثارة تاريخ مصور،ترجمة،سمير عبدالرحيم الجلبى،مطابع دارالحرية للطباعة،بغداد،1991.
خاروداكى،ماريانا،الكورد والسياسة الخارجية الامريكية:العلاقات الدولية في الشرق الاوسط منذ 1945نترجمة خليل الجيوسى،دار الفارابى،بيروت،2013.
كمال مضهرلمحات من تاريخ العراق المعاصر:دراسة تحليلية،دار الشون الثقافية العامة،بغداد،١٩٨٩.
شەشەم پەرتوکە ڕوسیەکان:
АЛЬКАЛЛА АДИБ АХМЕД, Суперспособности и Ирак: (Эволюция политики США и СССР в отношении Ирака в 1958-1991 гг.), АКАДЕМИЯ НАУК РОССИИ, ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ, доктор исторических наук, Москва 1993.
حەوتەم-پەرتوکە ئینگلیزی یەکان:
Albert.R.Al Halk, Key lists archeological excavation 1966-1971,Florida,1977.
**John.K.Cooley ,**_The News from the Mideast: a Working Approach, New York,1981.
هەشتەم-تێزە زانکۆیی یەکان:
الربيعى،محمد هاشم خويطر ،سياسة الولايات المتحدة الامريكية تجاه العراق في عهد رئيس عبدالرحمن عارف 1966-1968،اطرحة دكتورا،كلية تربية،جامعة المستنصرية،2013.
الحسناوى،عبدالزهرة الشهيد ،النشاط الدعاء الامريكى في الشرق الاوسط 1947-1979،دراسة في (العراق-ايران)اختيارا،رسالة ماجستير،كلية التربية،جامعة البصرة،2004.
العليان،عادل ممحمدحسين ،العراق في السياسة الامريكية المعاصرة 1980-2003،اطرحة دكتورا،كلية التربية،جامعة الموصل،2011.
العانى،فاطمة حمدى عبدالرحمن ،العلاقات العراقية-الامريكية مابين 1967-1987،رسالة ماجستير غير المنشورة،كلية العلوم السياسة جامعة بغداد،1988.
العانى،سالم اسماعيل مصطفى ،سياسة الولايات المتحدة الامريكية تجاه العراق في عهدالعارفي 1963-1968، رسالة ماجستير ،كلية تربية-جامعة الانبار، 2012.
جريذى،احمد راشيد،الحياة الثقافية في بغداد 1958-1968،اطروحة دكتورا،كلية الاداب، جامعة بغداد، 2011.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شهباز،عبير خليل ابراهيم ،سياسة الولايات التحدة الامريكية تجاه العراق 1981-1989،اطرحة دكتورا،كلية التربية العلوم الانسانية،جامعة بابل،49،2018.
عباس صفاء كاضم ،تاميم النفط العراقى 1972-1975،رسالة ماجستير،كلية تربية،جامعة واسط،2017.
عبدالرزاق،سالم مصطفى اسماعيل ،العلاقات الاقتصادية والثقافية بين الولايات المتحدة الامريكية والعراق 1868-1979،اطرحة دكتورا-كلية الاداب-جامعة الانبار،2020.
كاضم،سلامة حسين ،التبشير في العراق وسائلة واهدافة،رسائل ماجستير غيرمنشورة،كلية الشريعة،جامعة بغداد،1985.

# The Usa-Iraqi Cultural Relations 1968-1979

**Mohammed Abdulla Kakasur**
Department of History-College of Art, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
makakasur@yahoo.com

**Harem Hasan Ahmed Baban**
Department of History, College of Human Science, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq
haremranya58@uor.edu.krd

## Abstract

In the last few years the relations btewen usa and the middle eastern countries,particulary with iraq in the period of the cold war.is one of the crucial topic among schooalars after iraq 2003 librartion.in general the relationship between usa and iraq 1968-1979 was not stable.howevr it can be showred that at that time iraq counted as the soviet union alliance.it can be noied that, the cultural relations between usa-iraq in the period 1968-1979 was limited.althought those relations were benifitial,particulary for devebeloping iraqi clture.the usa press attitude,usa higher education inistituin and the usa excavation temas in iraq were the most fameous cultural relations between iraq and usa.

It can be said that,both countreis attempted to make a realtions with each others.for instance,iraqs necessity on the usa techonology educational expeirnce,while,the usa indigenced had a cultural relations with iraq,due to the importance of iraq in political,geopolitical ,economical role.as well as,iraq was the owner of

(sumerian,assyrian,babylon…)civilazations.therfore,those factors attracted the usa foundation to work in iraq,those usa teams continued working in iraq in diffrnet fields until the iraqi government expulsioned them.

---

## العلاقات الثقافية الأمريكية العراقية 1968-1979

**ملخص:**

علاقات الولايات المتحدة الامريكية مع البلدان العالم والشرق الاوسط بشكل عام،والعراق بالشكل الخاص،من المواضع المهمة في السنوات الاخيرة،خصوصا بعد تحرير العراق في نيسان 2003.كانت العلاقات مابين العراق والولايات المتحدة مابين مد وجزر،خلال تلك الفترة،احتسب العراق على المعسكر الشيوعى والسوفيتى.لكن بخصوص العلاقات الثقافية بين الولايت المتحدة والعراق في تلك الفترة،نال اقل اهتمام،سواء من الباحثين داخل وخارج العراق،لان العلاقت بينهما كانت قصيرة ومحدودةتولكن كانت مثمرة،خصوصا للتطوير جانب الثقافى للعراق.مع ذالك تناولت العلاقات الثقافية في اطار العلاقات السياسية والااقتصادية والعسكرية بين البلدين في تلك الفترة.هذه العلاقات انعكست في (الموقف الاعلام الامريكيى تجاه العراق،الاعمال الاثرية الامريكية في العراق،الموسسات التعيليمية الامريكية في العراق).

من الملاحظ ان تقدم امريكا في المجالات القافية والتعليمية والتكنلوجية،وحاجة العراق الى الطاقات الامريكية في تلك المجالات،اضطر العراق الى التنسيق مع امريكا في الجانب الثقافى مع وجود تشخت وخلافات في العلاقات السياسية بين الطرفين.مع هذه القضية يحاول الاعلام والراى العام العراقى اخفاءه.والامريكان يريدون اقامة العلاقات الثقافية،سياسيةناقتصادية مع العراق،بسبب الاهمية الاستراتيجية والجيبولتكية والثروة النفطية،وكذالك لابعاد العراق من الدائرة السوفيتية.اضافة الى ذالك ان العراق على امتداد التاريخ والحضارات(السومرية،الاشورية والبابلية...).بالاضافة الجانب السياسى الذى دفع الدوائر الامريكية بالعمل لخدمة مضالحة،كان شغف واعجابالخبراء والمختصين الامريكين بالحضارة العراق دافعا مهما للعمل في العراق،حتى بعد التضخبات والتعقيداتت والخلافات بين الطرفين،كان الوفود الاثاريين الامريكان مستمرين في العمل في العراق،الى ان قامت الحكومة العراقية بايقاف عملهم.